**ناوەندی هەڵەبجە**

**دژبەئەنفالکردن وجینۆســـــــایدکردنی گەلی کــــورد – چاک**

The centre of Halabja against Anfalization and genocide of the Kurds – CHAK

بۆ بەرێزان:

**ســــــەرۆکی هەرێمــــی کوردســـــتان لەرێـــــگەی نوســـــینگەی دیــــوانی ســـــەرۆکایەتی هەرێمـــــی کوردستانەوە .**

**بەرێـــز ســـــەرۆکی حکـــومەتی هەرێمـــی کوردســـتان لەرێـــگەی دیــــوانی ســــەرۆکایەتی ئەنجــــومەنی وەزیران .**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ؟**

**بەرێز : وەزیری کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوان**

**بابەت: پرۆژەی بەیاخدان بەو مرۆڤانەی لە دۆزەخی ئەنفال گەرانەوە.**

# ئەو مرۆڤانەی لەدۆزەخ گەڕانەوە

وەک ئاگـــــادارن لەکــــــۆی کۆمەڵکـــــوژی ئەنفـــــال بەتـــــایبەتی ئەوانەی لەشـــــوێنی کۆمەڵکوژیەکــــان، یـــــان لەقەراغــــی گۆڕەکـــــان بەبرینـــــداریو مەینەتیەکــــی زۆرەوە دەربـــــازبوون، تەنهـــا 12 کەســـــن ئەمەش ژمـــــــــارەیەکی زۆر کەمە لەکـــــــۆی دەیـــــــان هەزارکەس کە کۆمەڵکــــــوژکراون. بەداخەوە لەوانە سێکەســــــیان شــــــەهید یـــــان بێسەروشـــــوێنکراونو 10 کەســـــیان لەژیانـــــداماون لەنــــاو ئەوانەشـــــدا 5 کەســـــیان لە ئەمریکــــاو 4 کەســـــیان لە هەرێمــــی کوردســــــتانو یەک کەسیشـــــیان لەو لاتی سوید دەژین. کەلەخوارەوە لەخشتەیەکدا ناوەکانیان هاوپێچکراوە .

بێگومـــــان دوای 20 ســــــاڵ بەرێــــوەبردنی خــــۆجێیەتیو روخــــانی یەکجــــاری حکــــومەتی بەعـــس پەراوێزخســــــتنی ئەو ژمــــــارە کەمەی دەربــــــازبووانی گـــــۆڕی بەکــــــۆمەڵ لەکـــــۆی دەیــــان هەزار کەس یەکـــــێکە لە زەقتــــــرین خەوشـــــەکانی حکـــــومەتی هەرێمـــــی کوردســــــتان، بەتـــــایبەتیو کــــــۆمەڵگەی کوردســـــتانیش بەگشـــــتی .. بەتـــــایبەتی کەئێســـــتا حکـــــومەتی هەرێمـــــی کوردســــــتان لەتوانایـــــدایە ژیـــــانێکی شایســــــتەو شـــــکۆمەندانەیان بــــۆ دابــــین بکـــــات، لەوەش خراپتــــر تۆمەتبــــارانی ئەنفال ئێستا لەهەرێمی کوردستان لەژیانێکی دەیان جار باشترو هەڵکشاوتردا دەژین ...

پرۆژەکە :

ئێمە وەکو ناوەندی چاک پێشنیار دەکەین کە:

1. ئەو دەربـــــازبووانە لەیـــــادی کۆمەڵکـــــوژی ئەنفالـــــدا مەراســـــیمێکی رێزلێنـــــانی شایســــــتەیان لەســـــــەر ئاســــــتی عێــــــراق بەلای کەمەوە لەســـــــەر ئاســـــتی هەرێـــــم لەلایەن ناوەنــــــدەکەمانو وەزارەتی شەهیدانو ئەنفالکراوانەوە بۆ سازبدرێت .

2. ئەوانەی لەژیاندا ماون وسامی شەرف یان مەدالیای ریزلێنانیان پێببەخشرێو ئەوانەشی لە ژیاندا نەماون هەمان مەدالیاو ئیمتیازات بدرێتە نزیکترین کەسیان.

3. ئەوانەی ئێستا لەولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو وولاتی سوید دەژین بانگهێشتبکرێنەوە بۆ نیشتمانو بریاربدرێت لە کوردستان بژینو بەشێوەیەکی ئارەزومەندانەو بەموچەیەکی شایستەیان بۆ دابین بکرێت.

4. لەهەرکوێیەک کە گونجاو بێت ئۆفیسێک یان بەرێوەبەرایەتیەکی گشتی تایبەت بەو 10 کەسە بکرێتەوەو سەربە یەکێک لە وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت ، یان سەنتەرێکی تایبەتیان بۆ بکرێتەوە بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە لێکۆلیارو گەریدەکان رۆژنامەنوسانو کەسایەتی چالاک لەبواری مافی مرۆڤ بۆ لێکۆلینەوە لەسەر جینۆسایدکردنی کورد هاتە کوردستان بتوانێت، سەردانیان بکاتو زانیاریان لێوەربگرێت.سەردانیان بکەن.

5. ژیانی تایبەتیان بۆ دابین بکرێت، لەرووی تەندروستیو ئەمنیەوە پارێزراوبنو موچەیەکی شایستەیان بە پێی ژمارەی خێزانو تایبەتمەندێتی خۆیان بۆ ببڕدرێتەوە.

6. وەفدێک یان گەریدەیەک

7. کەنالی تایبەتو گشتیان بەڕووی جیهاندا بۆ بکرێتەوە، چونکە ئەو مرۆڤانە ناسنامەی جینۆسایدی نەتەوەیەکنو دەشێت سودێکی زۆر بەدواڕۆژی گەلی کوردستان بگەیەنن.

ناوەندی چاک بەهاوکاریو هەماهەنگی حکومەتی هەرێمی کوردستانو پەرلەمانو بەتایبەتیش وەزارەتی شەهیدانو ئەنفالکراوان ئامادەی سەرخستنی ئەم پرۆژەیەیە، بۆ ئەوەی جێگەو ریگەیەکی شایستە بەدەربازبووەکانی کۆمەڵکوژی ئەنفالبدرێت، چونکە ئەمە دەبێتە دەروازەیەکی گەورە بە رووی دنیای دەرەوەدا بۆ ناساندنی حینۆسایدی گەلی کوردو لەسبەینێی ئالۆگۆڕەکانیشدا رۆلێکی بەرچاو دەگێرێ لە دیاری کردنی مافی چارەنوسی گەلی کوردا وەکو حصانەیەکی نێودەولەتی بەوپێیەی کەجینۆسایدکراوە.

بەپێی نزیکمان لەو مرۆڤەشکۆمەندانەوە، وە بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست ناوەندی چاک کەوتوون، ئەو قوربانیانەی ئێستا لەولاتەیەکگرتووەکان دەژین لەساڵی 1993 لەلایەن رێکخراوی هێومان رایتس ۆچەوە براون بۆ ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لەبەرپاراستنی ژیانیانو سەلامەتیان بووە لەتیرۆری بەعس . بەڵام بەداخەوە ئەوان چ لەوێ و چ لەهەرێمی کوردستان لەژێر کاری تاقەت پرۆکێندا رۆژگار بەرێدەکەنو ژیانێک دەژین شایانی ئەوان نیە، چونکە بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست ناوەندی چاک کەوتوون داهاتی رۆژانەیان لە ئاسایکی زۆرنزم دایە.

| ز | ناوی دەربازبوو | شوێنی نیشتەجێ بوونی رابوردوو | شوێنی کۆمەڵکوژییەکەی | نیشتەجێی ئێستا | تەمەن |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | فەرەج محمەد عەزیز | قادرکەرەم – گوندی تۆپخانە | بیابانەکانی رومادی | وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا-مێرلاند | ١٩٥٠ |
| ٢ | عەزیز وەهاب محمد | خدر ریحان –قادرکەرەم | بیابانەکانی رومادی | وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا- | ١٩6٣ |
| ٣ | رەمەزان عەلی سلێمان | خدر ریحان –قادرکەرەم | بیابانەکانی رومادی | وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا- | ١966 |
| ٤ | واحیـد عەبـدول حەمە سەعید | کانی قادر- قادر کەرەم | بیابانەکانی رومادی | وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا- | ١٩٦٥ |
| ٥ | ئەنوەر محەمەد رەزا {ئەنوەر تەیار} | چەم سورخاو- قادر کەرەم | بیابانەکانی رومادی | جارێکی تر بێسەروشوێن کراوەتەوە . | |
| ٦ | تەیمور عەبدولا ئەحمەد | کوڵەجۆ – تیلەکۆ | بیابانەکانی سەماوە | وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا- | ١٩٧٦ |
| ٧ | محەمەد عەلی ئەحمەد حەمە عەلی عەلیان | تیلەکۆ - عەلیان | حەزەر - موسڵ | لەشەڕی ناوخۆدا شەهید بوو | ١٩٥٦ |
| ٨ | ئەبابەکر عەلی سعید | کوریمێ –دهۆک | کوریمێ – دهۆک | کوریمێ –دهۆک | ١٩٦٣ |
| ٩ | عەبدالقهار خەلیل | کوریمێ –دهۆک | کوریمێ – دهۆک | کوریمێ –دهۆک | |
| ١٠ | عەبدالکەریم نایف حەسەن | کوریمێ –دهۆک | کوریمێ – دهۆک | دهۆک- گرێباس | ١٩٦٧ |
| ١١ | هاشم محەمەد رەشید | کوریمێ –دهۆک | کوریمێ –دهۆک | سلێمانی - سەرکارێز | |
| ١٢ | صدقی عبدالقادر فتاح | کوریمێ –دهۆک | کوریمێ –دهۆک | کوریمێ –دهۆک | |
| ١٣ | فەتاح عەبدولقادر | کوریمێ –دهۆک | کوریمێ –دهۆک | جارێکی تر بێسەروشوێنکرایەوە | |
| | | | | | |

**ناوەندی هەڵەبجە**

دژبەئەنفالکردنو جینۆسایدی گەلی کورد – چاک

**2010/12/17**

ناوەندی هەڵەبجە- دژ بەئەنفالکردنو جینۆسایدکردنی گەلی کورد – چاک
E: chak.kurdistan@yahoo.com
TL: 07701520287
07501223421